# ئەنتی دیموکراسی و دیموکراسی ساختە

**هەندێک سەرنج و تێبینی لەسەر رەخنەکانی کاک مەلابەختیار لە نووسەران, لە گفتووگۆیەکی رادیۆی لاوان لە شاری یۆتۆبۆری لە سویددا.**

## عومەر کەریم بەرزنجی



قبوڵ نەکردنی دەنگ و رەنگە جیاوازەکان و تۆمەت دانە پاڵ ئەو نووسەرانەی کە رەخنە لە دەسەڵاتی کوردی"واتا دەسەڵاتی هەردوو حیزبی حاکم لە هەرێمی کوردستان"دەگرن, دەشێ بەسەرەتایەکی خەتەرناک لێک بدرێتەوە, سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆر, دەکرێت بپرسین جیاوازی نێوان دەسەڵاتێکی دیموکراسی و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری چییە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە دیموکراسیەش شوێنپێی دیکتاتۆرەکان هەڵبگرێت و زمانی ئەو کەسانە ببرێت کە دەسەڵاتەکەی دەخەنە بەررەخنە, ئیدی دیموکراسی جگە لە سەرابێک هیچی دیکە نییە, ئەو دەمانەی دەگەینە ئەوقەناعەتەی کە تەواوی بیرو بۆچوونەکانی خۆمان درووستەو بیروو بۆچوونەکانی دەرەوەی خۆمان بەتەواوی هەڵەو نادرووستە بەخۆمان بزانین یان نا بوینەتە دیکتاتۆرێکی بەرواڵەت دیموکراسی.

کاتێک دکتۆر فەرهاد پیربال لەلایەن کەسانێکی سەربە یەکێتی‌یەوە لەسەر نووسینی نۆڤلێتی"ملازم تەحسین و شتی‌تریش" کەوتە بەر هەرەشە, بەرێز مەلا بەختیار جەنابی مام جەلالی لەوە ئاگادار کردەوەو مام فەرمانی دا کێشەکە کۆتایی پێبهێنرێو پێشوازی لە کاک فەرهاد بکرێت, زۆرجار درووشمی نان و ئازادی دەکەوێتە بەرگوێمان وەلێ زۆرجاریش ئازادی دەکەوێتە بەرهەرەشەی دەسەڵاتداران, هێنانەوەی کێشەکەی دکتۆر فەرهاد پیربالم بەو مەبەستە هێنایەوە تا باسی ئەو هەڵوێستە پۆزەتیفەی مەلا بەختیار بکەم, وەلێ ئەوەی جێگەی نیگەرانی و پرسیارە تووڕەییەکانی ئەم دواییانەی بەرێزێتی لەمەڕ ئەو نووسەرانەی کە رەخنەدەگرن, وەلێ لە قسەکانی کاک مەلا بەختیاردا بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستی هەموو ئەو رەخنانەو نووسەرانە نیە کە رەخنەیان گرتووەو رەخنە دەگرن وەکوو دەڵێ"روناکبیرێک بتوانێ لە دیموکراتی سەردەم تێبگا, روناکبیرێک بتوانێ لە ئازادی سەردەم تێبگا, روناکبیرێک تێبگا رەخنەکان ئەبنە مایەی چارەسەرکردنی کێشەکان, بەرەوپێشەوە بردنی بزووتنەوەی ئازادی خوازیمان وە بەرەو بەدی هێنانی رای گشتی وە بەرەو بەدیهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن, دەسەڵاتێکی مۆدێرن لە کوردستانا..ئا, بەلام یەکێک بەخۆی بڵێ رووناکبیر رەش بکا بەسپی و سپی بکا بەرەش و بەعەقڵێکی زۆر زۆر پڕلە رق و پڕلە گومانەوە بکەوێتە وێزەی هەموو شتێک, هیچ شتێکی قبوول نەبێ, وەلا رووناکبیری وا وەکوو شتێکی زیان بەخش دەبێت ئاگات لێی بێت".

ئەوەی لای من جێگەی پرسیارە ئەوەیە بۆچی دەبێت روناکبیر بەرقەوە لەمەڕ شتێک بدوێت, ئەو رەخنانەی لە رقەوە سەرچاوە دەگرن ئەگەر بەمردوویش نەهاتبێتنە بوون بێگومان لە کەناری مەرگدان, وەلێ ناکرێت بەیەقینەوە بڕوامان بەهەموو شتێک هەبێت وەک چۆن گومانکردن لە هەموو شتێکیش ناتەندرووستی عەقڵی دەگەیەنێت, وەلێ ئایا رووناکبیری لەو شێوەیەمان هەیە کە هەموو شتێک بەنادرووست ببینێ و دژایەتی هەموو شتێک بکات, کاک بەختیار ئەوکەسانە بە برای ئازیز ناو دەبات و حەزدەکات بەوجۆرە ناویان بەرێت, وەلێ پێی وایە ئەو رێگایەی گرتوویانەتە بەر رێگایەکی هەڵەیەو ئەوانەیشی پێشتر وەها رێگایەکیان گرتووەتە بەر دواتر پەشیمان بوونەتەوە, پێی وایە "مەگەر کەسێک بەکرێ گیراو بێت واز لەم عەقڵیەتە نەهێنێ, ئەگینا ئەبێ واز لەو عەقڵیەتە بهێنێ" بەتێڕوانینی کاک بەختیار ئەوانە دەیانەوێت پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی دنیای ئێمە, دنیای کورد راگرن, وەلێ من پێم وایە بەبێ بوونی رەخنەی جدی و دیدی رەخنەگرانە دیموکراسی نایەتەدی وەلێ دەکرێت بپرسین ئایا ئەوانە دژی پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگەی کوردی و دەسەڵاتی کوردین یان رەخنەکانیان لە پێناو دیموکراتیزەکردنی دنیای ئێمەدایە, ئەو کەسانە کێن کە بەوجۆرە ئەنتی دیموکراسین و ئانارشیستانە رەخنەدەگرن , لێرەدا وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا

کاک بەختیار مەبەستی هەموو ئەو رەخنەگرانە نییە بەڵکو مەبەستی لە هەندێکیانە وەلێ ئاماژەیەکی روونی بەوکەسانە نەداوە ئێمە ناکرێت بڵێین مەلا دژی تەواوی ئەو بیروو بۆچوونانەیە کە رەخنەیان گرتووە وەلێ دەکرێت بپرسین ئەوکەسانە کێن کە رەخنەی نابەجێیان گرتووەو بۆچی کاک مەلا بەختیاریان تووشی تورەیی کردووە, ئەگەر رەخنەکانیان بێرێو جێیە بێگومان هیچ بەهایەکی نابێت لەلای خوێنەران و هیچ مەترسییەکیش درووست ناکات بۆسەر هیچ کەس و لایەنێک, ئەگەر رەخنەکانیشیان شیاوو بەجێیە ئەوە ئەرکی دەسەڵات دارانە گوێ بەو رەخنانە بدەن و خۆیان چاک بکەن و بەخۆیاندابچنەوە , چوونکە ئەوانەی خۆیان لەسەروو هاوڵاتیانەوە دەبینن ئەنجامیان لە چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی نێو زبڵخانەی مێژوو باشتر نابێت, بەرێز کاک بەختیار بەحوکمی ئەوەی بەرپرسی رێکخراوە دیموکراتیەکانی"ی ن ک"ە دەبوو هەڵوێستێکی زۆر دیموکراسی و کراوەی هەبوایەو بەو جۆرە توونت نەبوایە لەبەرانبەر ئەو نووسەرە رەخنەگرانەدا, ئەگەرچی ئەو رەخنانەیش نامەنتیقی و پڕلە مووهاتەراتیش بن خۆناکرێت هەموومان بەیەک ئاراستەدا بیربکەینەوە, ئەو رەخنەگرانە هەڵگری بیروڕاو ئایدیایەکی جیاوازن و شەڕی ئەوان شەڕێکی مۆدێرن و دیموکراسیە, خۆ ئەوان پەنایان بۆ تیرۆروو خۆتەقاندنەوەو پاکتاوکردنی نەیارەکانیان نەبردووە, ئیدی چی پێویست بەوهەموو نیگەرانیەدەکات, "هەندێک پروپاگەندەی ژەهراوی لەلایەن ئەم و ئەوەوە من نامەوێت ناوی کەس بێنم لەلایەن ئەم و ئەوەوە کە تێنەگەیشتوون لە دنیای سیاسەت وە جگەلەوەی خوێ ئەکەن بەبرینەکانا, بگرە تێزاب ئەکەن بەبرینەکانا, ئەیانەوێ هێزەسیاسیەکان دووربن لەیەک وە پشێوی بکەوێتە ناو هێزەسیاسیەکان, وەقسەی زۆرنابەجێ و ناراست بڵاودەکەنەوە لەسەر رووداوەکان نەک قسەی بەجێ قسەی نابەجێ بڵاودەکەنەوە, ئەبێ تۆزێکیش ئەم میللەتەی ئێمە وریای ئەمانەبێ وە تەجرەبەی15ساڵی رابردوو دەری خستبێ کە بەراستی ئەم جۆرە قسە ئەلەق و مەلەقانە دادی کەس نادا, دادی میللەتەکەمان نادا, جگە لە سەرلێشێواوی جگە لە زیان هیچی تر بەمیللەتەکەمان ناگەیەنێت, ئەونە رەخنەیەکی بەجێش نییە تا گوێی لێبگیرێ, هەندێ لەو قسانە" ئەو تابووری پێنجانە کێن کە لەسەنگەری روناکبیریدا شەرێکی بێهوودە دەکەن, وەلێ ئەگەر ئەوەندە رەخنەیەکی بەجێ نیە بۆچی دەبێتە مایەی تورەبوونمان, باسکردنی رابردوو یان باسنەکردنی مێژوویەکەو لەبیرناکرێت, هەرچیەک بکەین رابردوومان سێبەرێکەو وابەدوامانەوە, ئەرکی مێژوونوسانە ئەورابردووە ساغ کەنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەربکەن , نەک هەرکەسەو بەویست و دیدی خۆی رابردووی خۆی بنووسێتەوە, باسکردنی رابردووی تاڵی بزووتنەوەی کوردایەتی, ئەگەر خوێ و تێزاب کردنە نێو زامەکانی رابردوویێت, ئەوا پشکی شێر بەشی سیاسیەکان دەکەوێت نەک رووناکبیران, چوونکە ئەوان بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان زیاتر زامەکانی رابردوومان پێدەناسێنن, ئەمەیش ئەگەرچی لایەنی نێگەتیفی هەبێت لایەنی پۆزەتیفیشی هەیە و کەرەسەیەکی باشدەبێت بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمان, قسەکردن لەسەر ئەوزامانە تێزاب و خوێ کردنە نێو زامەکان نییەو دەرخستنی هەندێک لە راستیەکانە ئەگەرچی تاڵیش بێت, دەشێ هاندەرێک بێت بۆ ئەوەی مێژوو دوبارە نەکەینەوەو نەکەوینەوە هەمان هەڵەی رابردوو, بەومەبەستەیش پێویستمان بەخوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی رابردوو هەیە و نابێت لەو شتانە بترسین, ئەوە دیکتاتۆرەکانن لە رەخنەو بیرووڕا جیاوازەکان دەترسن نەک دەسەڵاتدارە دیموکراتەکان, ژیانی دیمووکراسی واتا مووما رەسەکردنی ئازادییەکان ئەگینا دیموکراسی تەنها بەدرووشم و وتەی بریقەدار نایەتە بەرهەم.

بەرێز کاک بەختیار ئەوە هەموو ئەو نووسەرە رەخنەگرانە نین کە بەهەڵپەو هەلەکە سەماوە لە هاندەران دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی حیزب و بەشاباشی حیزب سەرمەست دەبن و تەواوی هەڵوێستەکانی رابردوویان بیربچێتەوە, ئەگەرچی مافی تەواوی هاوڵاتیانی کوردستانە بەو نووسەرە رەخنەگرانەیشەوە کە سوودمەند ببن لە سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان ئەوە سەروەت و سامانی هاوڵاتیانی کوردستانە حیزب خێری پێوەدەکات و پاوانی دارایی کوردستانی بۆ خۆی کردووە, کاک بەختیار لە مەبەستت تێدەگەم ناکرێت ئەو هەقیقەتەیش لەبەرچاو نەگرین کە هەندێک نووسەر ناراستەوخۆ لە سەنگەری حیزبێک دان دژبە حیزبێکی تر, وەلێ ئەوە هەموو ئەو نووسەرە رەخنەگرانە نین کە بەو جۆرەن دیارە چەم بێ چەقەڵ نابێ, وەلێ کارێکی ناپەسەندیشە کادێرانی حیزب چاو لە نەیارانی خۆیان سوورکەنەوەو هەرەشەیان لێ بکەن, ئەوە دەسەڵاتە دیموکراسیەکان نین کە بیرلە پاکتاوی نەیارانیان دەکەنەوە, ئێمەیش لە سەرەتای دیموکراسیداین, وەک زۆرجار کاک بەختیاریش تەئکیدی دەکاتەوە کە ئێمە زۆرمان ماوە بۆ

ئەوەی دیموکراسیەکی بێکەماسی پیادەکەین, وەلیٚ ئێمەی ژێرچەپۆک و چەوساوەی دەستی بەعسیزم زۆری دەوێت تا خۆمان لە عەقلیەت و رەفتار و کلتووری دیکتاتۆریەت رزگارکەین, کلتوورێک کە بەدەیان ساڵ بوونیادنراوە ناتوانین بەماوەیەکی کەم خۆمانی لیٚ دەربازکەین, کلتووری زەبروو زەنگ و خۆسەپاندن و قبووڵ نەکردنی ئەوی دی کلتوورێکە لە ناخی هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدا شوێن پێی دیارەو پێویستی بەپرۆسەیەکی رەخنەگرانەی جدی درێژخایەن هەیە, کۆمەڵگای عێراقی و کۆمەڵگای کوردیش پێویستی بە سەرلەنویٚ بوونیادنانەوە هەیە وەلیٚ ئەگەر لە یەکەم هەنگاودا بیرلە سڕینەوەی ناحەزەکانمان و ئایدیا جیاوازەکان بکەینەوە پێبزانین یان نا لە بەئاگاییەوە بێت یان لە بێئاگاییەوە, کەسێتیەکی دیکتاتۆر لەناخی خۆماندا بونیاد دەنێین, ئەو دەمەی ئەوی دی جگەلە دووژمنێکی سەرسەخت و ناحەزێکی کینەدۆز هیچی دیکەنیە, ئەودەمەی مەرگی بەرانبەر یەکێکە لە شاخەونەکانمان ئیدی بوونیاد نانی کۆمەڵگایەکی دیووکراسی و مۆدێرن جگەلە سەرابێک هیچی دیکەنیە.

ئەوانەی رەخنەدەگرن مەرجنیە تەواوی بیرووبۆچوونەکانیان درووست بێت, وەلیٚ لایەنی رەخنەلێگیراویش بێکەم و کوڕی نیەو بەرەهایی خاوەن حەق نییە هیچ کاتێک درووست نیە پێمان وابێت کە کەسی رەخنەگر دەبێت لە بیرووبۆچوونەکانی پاشگەزببێتەوە مەترسیەکی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێت مادەم لە دیدی ئێمەوە بۆچوونەکانی کەسی بەرانبەرمان نادرووستە ئیدی دادگایی بکەین و ناچاری بکەین تاپاشگەز ببێتەوە, ئەگەرچی خەوشێکی گەورەیە کاتێک کەوتینە هەڵەوەو دواتر کە هەستمان پێکردوو گەیشتینە ئەوئەنجامەی کە بۆچوونەکانمان نادرووستە دان بەهەڵەکانمانا نەنێین, ئەگەرچی ئەوەندەی بۆم دەرکەوتووە ئێمەی رۆژهەلاٚتی کەمجار دان بەهەڵەکانمانا دەنێین و هەوڵی راست کردنەوەی دەدەین, زۆرجار هەڵەکانمان بەتاکتیک پەردەپۆش دەکەین و نکوڵی لێدەکەین, ئەمەیش دەگێڕمەوە بۆ ئەو مەیلی خۆسەپاندنەی لەناخی هەرتاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگای رۆژهەلاٚتیدایە, زۆرێک لە ئێمە وێنەیەکی دیکتاتۆر لەناخیدایەو لە هەندێک بارووده‌ۆخدا دەیانبینین, کەمنین ئەو کەسوولایەنانەی بەرەهایی بیروو بۆچوونەکانی خۆیان بەدرووست دەزانن و ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی گرووپ و رێکخراوەکەیانن بەسەرگەردان و سەرلێشێواو دەبینن.

تێبینی: ئەونووسینانەی ناو کەوانەکان بۆچوونەکانی کاک مەلا بەختیارە, دەقی قسەکانیم لە لایەن بەڕێز کاک(ئارام علی) بەڕێوەبەری ماڵپەڕی بۆ پێشەوەوە بە ئیمێل پێگەیشت هەر لەسەر داخوازی بەڕێزیان ئەم سەرنج و بۆچونانەم نووسی.